# لە کۆموونەی پاریسەوە بۆ پەرلەمانی سەرشەقامەکانی کوردستان

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە
**Rahman_256@hotmail.com**

بیرەوەریی شۆڕشی پیرۆزی چەوساوەکانی کۆموونەی پاریسی سەدەی شازدە لە فەرەنسا ، لە مندالّدانی مێژووی خەباتی مرۆڤایەتیدا ، ئەستێرەیەکی پرشنگدار و ئالّایەکی شەکاوەی بەگژاچوونەوەی چینە چەوساوەکانی ئەو ولّاتە و دەنگدانەوەی زایەڵەی زەنگی نەبڕاوەی هەموو توێژ و چینە چەوساوەکانی جیهانە لە هەموو کات و شوێنێکدا ، دژی گەندەڵی و دەسەلّاتی بێ سنووری ئەو بۆرەپیاوە گورگانەی کە لە پێستی مەڕدا خۆیان حەشار داوە و لە سەرڕووی زەمینیشدا خۆیان بە سێبەری خودا و لە سەروەریشدا خۆیان لە سەرووی یاسا و ڕێساوە دادەنێن .

دامەزراندنی پەرلەمانی سەرشەقامەکانی کوردستان ، دەنگی ڕاستەقینەی کوردی چەوساوەی کۆڵنەدەری سەردەمی سەدەی بیستویەکەم و بانگی یەکسانی و پیادەکردنی پراکتیکیانەی پرۆسەی دیموکراتییەت و هەنگاونانە بەرەو ڕزگاری و سەربەخۆیی ، کە خۆی لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شارستانییانەی مەدەنی ، لە سەرانسەری کوردستانی بەریندا دەبینێ و پراکتیزەی دەکات . لە هەمان کاتدا خۆتەکاندن و بەرائەتە لەو گەندەڵی و سیاسەتە دژوار و چەواشە کەمتەرخەمئامێزەی سەرانی کورد ، سەبارەت بە هەڵپەساندن و دواخستنی کێشە چارەنووسسازەکانی گەل و ولّات ، لە بەرایی هەمووشیانەوە ، کەمتەرخەمی نواندن لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە گەندەڵەکەی کوردستان ، کە شێرپەنجەئاسا ، کێشە چارەنووسسازە سەرەکییەکانی کوردی خستووتە بەر مەترسی و پرسیار و لێپرسینەوەیەکی مێژووییەوە ، لێواولێویش خزمەت بە سیاسەتی ولّاتە داگیرکەرەکانی کوردستان و خواستە گڵاوەکانی ولّاتە عەرەبییەکانی دەوروبەروە دەکات ، ڕاستەوخۆش لە خزمەتی سیاسەتەکانی ئەوان و لە پێناو ئافەرین و بەهبەهی ئەواندایە . وێڕای ئەوەی لێکتر ترازان و دابڕان و بێئومێدییەکی تەمومژاویی ، لە نێو ڕیزەکانی میللەتدا خولّقاندووە و بێسەروبەرانە مەودای تالّانوبڕۆ و تەشەنەکردنی گەندەڵییەکانی فرەوان و بەرینتر کردووەتەوە . کۆبوونەوە نهێنییە دووقۆڵییە یەک لەدوای یەکە نەبڕاوە بێئەنجامەکانی نێوانیشیان ، زیاتر بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایی جەماوەر و چەواشەکردنی بیری خەڵکانی بێلایەنی کوردستان و ڕاگرتنی بەلّانسی کیش و سەروای کەینوبەینەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە گەندەڵە دەستەبەر دەکات ، کە زیاتر خۆی لە هەڵمژینی ڕقی پێویست و پیرۆزی ئەو خەڵکە و درێژەپێدانی مەودای ئەو سیاسەتە گومانلێکراوەوە دەنوێنێ . بۆیە لە کاتی تەنگانەدا و هەر کە زۆریان بۆ هات و گڵۆڵەکانیان کەوتە لێژییەوە و ئیشیان بە دەنگدانی جەماوەر کەوتەوە ، سەرلەنوێ قەوانە سواوەکەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لێ دەدەنەوە و وەک گۆرانیی هەلاوەهەلاوە گوڵێی نازدار و شیرینی ئەحمەد فەرهادی ، جارانی ڕادیۆ کوردییەکەی بەغدا ، دەکەونە گەڕ و دووقۆڵی بۆ یەکدیی دەیسێننەوە ، وەک خەسڵەتی هەموو جارێکیشیان ، زۆر بێچاوورِووانە چەندجارباریاتی دەکەنەوە کە : ( لە بواری یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا ، هەنگاوی زۆر باشیان ناوە و بەم زوانە ڕایدەگەیەنن ! ) هەر کە داشی دامەکەشیان سوار و کارەکانیان بۆ مەیسەر بوو ، ئیتر پاڵی لێدەدەنەوە و سەرلەنوێ باس دەگەڕێتەوە سەر هاتنەپێشەوەی برێ کۆسپ و تەگەرەی لاوەکی ، بە واتای خۆیانیش بۆیە نایانەوێ پەلەی لێ بکەن ، چونکوو ئەمجارەیان دەیانەوێ لەسەر بنەمایەکی بەهێز دایمەزرێننەوە ! ئەوەش بە پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان ڕادەگەیەنن ، کە بە هیچ جۆرێک ئەوان مەودا نادەن و نایەڵن ئەو لێک ترازانەیان ، کار بکاتە سەر کێشە چارەنووسسازە سەرەکییەکانی کورد ! هەر وەک دیار و ئاشکراشە ، کێشە چارەنووسسازەکان ، بەلای سەرانی پارتی و یەکێتییەوە ، هەمان کێشە چارەنووسسازەکانی جەماوەری ڕەشوڕووتی کوردستان نیین ! کێشە چارەنووسسازەکان ، لە ڕوانگەی دید و بۆچوونی ئەو دوو حیزبە ڕەفتار تۆتیالیتارییەوە ، زیاتر خۆی لە فرەوانکردن و زیادکردنی مەودای دەسەڵات و تالّانکردن و برابەشکردنی بودجە و داهاتی ئەو ولّاتە یەخسیرەی ژێر چەپۆکەی ئەواندا دەنوێنێ ! ئیتر ئەو کوردەش هەتاهەتایە با هەر لەبەر خۆیەوە بڵێ : ( ئەرێ عەباسە ، لە دیوەخانە چ باسە ) .

دامەزراندنی پەرلەمانی سەرشەقامەکانی کوردستان ، بەرزکردنەوەی دەنگی پێویست و پیرۆزی ناڕەزاییە جەماوەرییەکانی چەند ساڵەی کوردی چەوساوەیە ، لە دژی سیاسەتە چەواشەکارییە ناسیاسییانەکەی هەردوو حکوومەت و ئەو پەرلەمانەی ئێستای کوردستان ، کە دروشمی قڕوقپی بێدەنگی و هەرامە و سەلامەتیی کردووەتە سیمای دەربڕینەکانی خۆی ، هیچ وەڵامێکی فەرمی و نافەرمیانەشیان پێ نییە ، بۆ ئەو هەموو پرسیار و بێدادییە ناڕەوایانەی کە ڕۆژانە لەلایەن ئەوانەوە ، دەرحەق بە مێژووی میللەتێک دەکرێ ، تەنانەت ئێستاش لە پەنا ئەو دوو ئیدارە گەندەڵەدا ، ڕوباری خوێن و فرمێسک ، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئازادیی بیروڕا و دیموکراتییەت و ژیانی بەرابەری و یەکسانیدا ، لە بەری ئەو میللەتە ڕەنجەڕۆیە ڕێدەکات و گۆمی خەمیان بەستووە . لەکاتێکدا تاوەکوو ئێستاش ، ئێسکوپروسکی ڕۆڵە ئەنفالکراوەکانی دایکە جەرگهەڵقرچاو و هەناسەساردەکانی وڵات ، لەژێر لمی عەرەبستانی خوارووی عێراقدا ، پیش دەخواتەوە و داوای دادگاییکردنێکی ڕەوا ، هەم لە داگیرکەرانی کوردستان و هەم لە سیاسەتی چەواشەی شەڕی براکوژیی نێوان پارتی و یەکێتییەوە دەکات . ئەو شەڕە درێژخایەنەی کە تاوەکوو ئێستاش ئاسەوارە کاولکەرەکانی لە کوردستاندا بەردەوامی هەیە ، کە خۆی لە یەکنەگرتنەوەی ئەو دوو بەرەبابە ناکۆکەدا دەبینێتەوە و سەرپاکی کێشە چارەنووسسازەکانی ، ڕاسەوخۆ خستووەتە بەر مەترسییەوە . بەرزکردنەوەی دەنگی زوڵاڵی ناڕازیی پەرلەمانی سەرشەقامەکانی کوردستان ، کە لە سەرانسەری وڵاتدا پەرەی سەندووە و گوێی کەڕوکاسەکانی سەرانی ئەو دوو دەسەڵاتە گەندەڵەی کپ کردووە ، لەپێناو ڕووخاندنی باستیلە نهێنییەکانی ئەو دوو حیزبە و لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەندن و بنبڕکردنی ئەو گەندەڵییانەدایە . پەرلەمانی سەرشەقامەکانی کوردستان ، زۆر لەو پەرلەمانە پاساودەرەی ئەو دوو حیزبە تاڵانکەرەی خەڵکی کوردستان پیرۆزتر و شکۆدارترە ، خۆشحاڵانەش ، لە ئاستی ڕێکخراوەیەکی ئاساییدا تێپەڕاندووە و ڕاستەوخۆ گوزارش لە بیروبۆچوونی خەڵکە چەوساوەکەی ناوەوەی وڵاتەوە دەکات . لەنێو دڵی ئەوانیشدا وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان ڕەگی پۆڵایینی داکوتاوە و هەمیشە لە نێو خوێنی ئەواندا دەخرۆشێ و ڕاشکاوانە بووەتە بەشێک لە بیروباوەڕی بەتینی ئەو جەماوەرە بوێر و نەترسە . هۆشیارانەش بەرەی شەرعییەتی لەژێر پێی پەرلەمانە خەساوەکەی هەولێردا ڕاکێشاوە ، چونکوو وەڵامێکی ڕاست و دروستی تەشەنەکردنی ئەو پەتای مەحسووبییەت و مەنسووبییەتە بیرۆکراتییانەیان بەلاوە نییە ، کە وەک گەردەلوولێکی چڵکن سەرتاپای کوردستانی تەنیوە . لەولاشەوە هاودەنگی و هاوئاهەنگیی هەمەلایەنانە و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی چینە چەوساوە جۆربەجۆرەکانی کوردستان ، عەرشە شێرەبەفرینەکانی پارتی و یەکێتیی هێناوەتە لەرزین و هەژاندن . بۆیە لە شاری هەولێری دێرینی هۆلاکۆبەزێنی قەڵا و منارەدا ، لە بری ئەوەی گوهداری داخوازییە ڕەواکانیان بن و بڕۆکەیەک بەخۆیاندا بچنەوە و داوای لێبوردن لەو میللەتە بکەن ، لەلایەن پارتی و پاراستنی سەر بە بنەماڵەی بارزانییەوە ، بە شەق و تێهەڵدان و گرتن و بێسەروشوێن کردن وەڵامیان درایەوە ، تاوەکوو ئێستاش چەندانیان لە زیندانە نهێنییانەی ڕژێمی پێشووی بەعس ، کە ئێستا وەکوو زیندانی باستیل ، بە میراتی بۆ پاراستن و جامانەسوورەکانی بنەماڵەی بارزانی ماونەتەوە ، لەژێر دارکاری و ئەشکەنجە و ئازاردا دەناڵێنن .

سەرانی ئێمەی کورد ، یان ئەوەتا زۆر بە چەواشەیی لە سیاسەت و ئەنجامدانی کاری سیاسی گەیشتوون ، یان هیچ بڕوایەکیان بە دواڕۆژی سیاسیی کورد نەماوە و دەمێکە لەو کایە و گەمەیەدا کش مەلیکیان لێ کراوە ، بۆیە هەریەکەیان لە ئاستی خۆیەوە ، بێ پەروا و بەبێ گوێدانە هێچ دابونەریت و عورف و پێودانگێکی سیاسی و یاسایی ، بێچاوڕووانە کەوتوونەتە تاڵانوبڕۆ و لرفلێدان و بابۆڵەلێدان و بەشینەوەی سەروەت و سامانی کوردستان لە نێوان خۆیان و دەستوپاکانیاندا . دیارە ئەوان میکافیلیانە لە ڕەوشی سیاسەت گەیشتوون و بڕۆکەیەکیش چییە ، سوودیان لە پەند و وانەکانی مێژووی دێرین وەرنەگرتووە ، بۆیە سیاسەت بەلای ئەوانەوە ، لە هونەری درۆودەلەسە ڕیزکردن و پاشقولدان و لەخشتە بردن و تاڵانوبڕۆکردنی ئەو میللەتە بەولاوە ، گوزارش لە هیچ بیرێکی شارستانییانە و مرۆڤدۆستانەی سەردەمەوە ناکات . بۆیە وەک دەردەکەوێت ، ئامانجی سیاسییانەی ئەو دوو حیزبە بە تەنها لە پێناوی سیاسەتدایە ، نەک سیاسەت لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجە دوور و نزیکەکانی ئەو میللەت و نەتەوەیەدا ، واتە هونەر بۆ هونەر و سیاسەت بۆ سیاسەت ، نەک هونەری سیاسەت لە پێناوی ژیان و دەستەبەرکردنی دواڕۆژێکی بەختەوەر ، بۆ گەل و میللەت و نیشتیمان و ئەو نەوە نوێیەی کە هیوای پاشەڕۆژی ئەو کوردەن .

ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیی لە ڕەوشی نالەباری سیاسی و ژیان و گوزەرانی هاوولاتیانی کورد لە هەموو بوارەکاندا . بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی ڕژێمی سەدامی خوێنڕێژدا ، نیگەرانی و بێئومێدییەکی ڕەشبینی ، لە دڵ و دەروون و ویجدانی خەڵکاندا ورووژاندووە . لە سەردەمی ڕژێمەکەی سەدامدا ، وێڕای ئەشکەنجەی زیندانەکان و قاتوقڕی و کاولکردنی وڵات ، ڕقی پیرۆزی ئەو خەڵکە ، زەبروزەنگی ئەو ڕژێمەی پووچەڵ کردبووەوە و بە ئاشکرا تەنگی پێ هەڵچنیبوون ، بەڵام ئێستا لە سایەی ئەو دوو دەسەڵاتە گەندەڵەدا ، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان جاش و خۆفرۆش و سیخوڕ و کۆنە بەعسی و ئەنفالچی و وڵاتپارێزێکدا ناکات ، جەماوەری خەڵکی بەشەرەفی کوردستان ، سەرمەست و داماو و حەیران ، لە هەموو هیوایەک بێ بەری بوون ، چەنکوو ڕۆژانە بە چاوی خۆیان ئاشکرا دەیبینن ، کە چۆن بەری ڕەنجی شۆڕشی درێژخایەنی چەند ساڵە و دەردەسەری و مەینەتییەکانیان ، لەلایەن ئەو دوو حیزبە و خەڵکانی هەلپەرستەوە تاڵان دەکرێ ، لە هەمان کاتیشدا بە وێنەی سەردەمانی ڕژێمە چەپەڵەکەی بەعسی گۆڕکراو ، سەرپاکی دەزگا مەدەنی و دائیرە حکوومییەکانیان کردووەتە مۆڵگای حیزبایەتی و سیخوڕی و کڕینی قەڵەمی نووسەرە دۆڕاوەکان . حیزب نانده‌ر و حیزب نانبڕ و هەر حیزبیش ڕەچاوی هەمان سیاسەتی بکوژوببڕی حیزبەکەی سەردەمی ڕژێمەکەی سەدام دەکات و بە موو جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت ، بەڵام لەبری کاسکێت و جلی مەغاویر و خودەی سەربازی ، ئەمان کڵاو و جامانەیان بە سەرەوەیە و بە وێنەی گورگی برسی ، شەلم کوێرم ناپارێزم ، کەوتوونەتە وێزەی ئەو مێگەلە بێخودانەی کوردستان و سەروەت و سامانە لەبننەهاتووەکەی بە تاڵان ڕەوانەی بەنکەکانی ئەمریکا و ئەورووپای دەکەن ! کەی لێشیان قەوما ، خۆیان و خاووخێزانەکانیان پەساپۆرتی ئەورووپاییان لە گیرفاندایە و بە خشکەیی بۆی دەردەچن و چش لەو خەڵکەش .

بۆیە پێویستە لەمەودوا هۆشیارانە ، ڕاز و نیازەکانی نێو دەروونی خەڵکانی ناوەوەی وڵات ، بە چرپە و لەژێر لێوەوە و بە ئەسپایی و نهێنی گوزارشی لێوە بکرێت و سڵ لە دارودیواریش بکرێتەوە ، چونکوو ( دیوار موش دارد ، موشەش گوش دارد ) .

**سوید _ ستۆکهۆڵم _ 24 / 11 / 2005**